# پرسە و سەرەخۆشی

بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندی ئازیز کاکە عوسمان عەلی، پرسە و سەرەخۆشی خۆم بە خێزان و هاوڕێیان و هونەرمەندانی کوردستان ڕادەگەیەنم. کۆچی ناوادەی کاکە عوسمان کسپەی لە دڵی هەمووومان هێنا و سۆزی گۆرانییەکانمانی نوقمی خەزان کرد. خوالێخۆش بوو نموونەی هونەرمەندی ڕاستگۆ و دڵسۆز و خەمخۆر و نیشتمانپەروەر بوو. یادی ئەو هەمیشە لەدڵی عاشقانی هونەری ڕەسەنی کوردیدا هەر زیندووە و لەگەڵ هەموو چرکەیەك لە هەڵوێستی بەرز و لە داهێنانی بەرزدا، کاکە عوسمان دێتەوە ناو یادەوەریمان.

سڵاو لە هونەرمەندی ڕەسەن و دڵسۆز و بە هەڵوێست کاکە عوسمان عەلی

خوای گەورە، کاکە عوسمان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکا و سەبووری دڵی خەمگینی ئەم کۆچە ناوادەیەمان بداتەوە.

محەممەد ڕەئوف کەرکوکی

سوید

**2005 / 6 / 22**